بریتانیا:: بیاری ڕوانکردنی کۆچبەران بۆ رووواندا راگیرا

دادگای باڵای بریتانیا بیاری حکومەتی ئۆو وڵاتی بۆ ڕوانکردنی کۆچبەران بۆ رووواندا راگرت و بۆ پلانێکی نایاسایی لە قەمدا.

بیارەکەی دادگای باڵای بریتانیا بەهۆی ترسی دادگاکە لە پابەندنەبوونی رووواندا بە مافەکانی مرۆڤ و ڕێککەوتننامەی نێتۆیەکگرتووەکان بە مافەکانی کۆچبەران هات، هەروەها دادگای باڵای بریتانیا جەختیکردووەتەوە، نابەت پەنابەران بزڕێر بە وڵاتەکانیان بگەڕێندرێنەوە لەکاتەکدا مەترسی لەسەر ژیانیان هەیە.

ڕەبەرت رید سەرۆکی دادگای باڵای بریتانیا دەڵێت، بڕگەیەکی ئۆو بڕگانەی کەوتووەتە دەست دادگای تەهەچوونەوەی وڵاتەکەی، ناردنی پەنابەران بە رواندا مەترسییە، ئاماژەی بۆشدا، دوای ئەوەی دادگای باڵای بریتانیا پەداچوونەوەی بە بڕگەکان کرد، گەیشتە ئۆو دەرئەنجامەی کە پلانی حکومەتی بریتانیا بە ناردنی پەنابەران بە رواندا نایاساییە، ئەمیش لەکاتەکدایە، ساڵی رابردوو حکومەتی بریتانیا بیاری ڕوانکردنی کۆچبەرانی وڵاتەکەی بە رووواندا دا، ئەمەش نیگەرانی نێتۆیەکگرتووەکانی لەکەوتەوە و بە کارەسات ناوی برد.